**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٥٢٠ لە ٢٠٢١/٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٠**

**فراوان کردنی حەرەمی گوندی کانیلان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (شەشەم) برگە (سێزدەیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣٥٣ لە ٢٠٢١/١/٢٠) و(٧٩٣ لە ٢٠٢١/٢/٩) دوا بەدوای هەر دوو نووسراومان ژمارە (٣١٦٤ لە ٢٠١٨/١/٢٤) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

- فراوان کردنی حەرەمی گوندی (**کانیلان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری قەزای بەردەڕەش – پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٥ ، ٣) سێ دۆنم و نیو لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١٠) لە کەرتی (٥٨) کانیلان وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخـــۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٥٢٠ لە ٢٠٢١/٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢-٥٧-٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٢/٣ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**کردنەوەی دەروازەی سنوری (سەرزێر) بە ڕووی گەشتیاران.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**